# د. کەمال سەید قادر ڕاستییەکان دەشێوێنێت

**ئاسۆ بیارەیی**
سوید 2007-3-26
assobyari@yahoo.com

**ئەگەر کەسێکی سادە و ئاسایی کە ژیانی ئەکادیمی نەخوێندبیت، ئەگەر هەڵەش بکات کەس لێی ناگرێت، چونکە هەست و سۆز زاڵ دەبێت بەسەریدا. د کەمال باش دەزانێت کاتێک کە پارتی فڕاندی، زۆربەی چەپەکان بوون کە دژی ئەو کارەی پارتی هەڵوێستیان گرت. من یەکێکیان خۆم بوو کە شەش ووتارم دژی گرتنەکەی نووسی، چونکە بڕوام بە ئازادی هەیە.**

**د کەمال لە نووسینی ئەمجارەیدا(د. کەمال سەید قادر: سەرۆی دوو سەرە، کوردستانپۆست، –2007–03–22 ڕەخنەی ) ڕقی گرتنەکەی خۆی بە چەپەکان دەڕژێت .د، کەمال هێرش، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی، دەکاتە سەر چەپەکانی کوردستان و عێراق بەبێ ئەوەی پشت بەسەرچاوەیەک ببستێت. د کەمال ئەگەر ئاگای لە مێژووی چەپ و کرێکارانی جیهان هەبوایە یان ڕاستگۆ و ئەکادیمیانە مەسەلەکەی باسکردایە، گرێی نەدایە بە کێشەی سەرۆ قادرەوە، هەڵنەچوایە و بە پاکی باسەکەی بنوسیایە هەرگیز من وەڵامم نەدەدایەوە. دوور نیە لایەنێک پێی ووتبێ(اکتب بامر حزبک العظیم) و..یان بەکارهێنانی ووشەی نزم(ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی شیوعی بە مێگەل ڕوویان کردە ناو پارتی، بڕوانە هەمان سەرچاوە) من هیچ ڕەنگێکی ئەکادیمی لەم ڕستەیەدا نابینم.**

**ئەوانەی وەکو د کەمال داخ لەدڵانە دژایەتی بزوتنەوەی چەپ دەکەن، باش دەزانن کە لە هەر وڵاتێک ئەگەر بزوتنەوەی چەپ تیا بەهێزبێت، بۆرژواو سەرمایەداری ئەو وڵاتە بە ئاسانی ناتوانن سامانی خەڵکی هەژار بدزن، بڕوانە کوردستانەکەی من تۆ کە بۆرژوای نەخوێندەواری کورد چۆن سامانی گەل لوش دەکات و وەکو سەپان و دەروێش سەیری دەکات. د کەمال و ئەوانەی بە چەپەکان خۆشیان نایێت، دەزانن هەرکاتێک حزبی شیوعی عراق کەمێک دەسەڵاتی بووبێت، ئاسایش و یەکسانی باڵای کێشاوە بەسەر کوردستان و عیراقدا.**

**کەمال ڕاست دەکات، گەلانی ئێمە سووتەمەنی نێوان بلۆکی سەرمایەداران و کۆمۆنیستەکان بوون، بەڵام فەلسفەی مارکسزم و سەرمایەداری ئەرز و ئاسمان جیاوازی هەیە. سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هەرچەندە ڕەنگێکی کاڵی مارکسیزمن، بەلام تا ڕادەیەکی زۆر ژیانی گەلانی خۆیان مسۆگەر کردووە، یەکێکیش لەوانە ژیانی تۆ و هەزارەها پەنا بەری کورد، کە لە باشووری کوردستاندا هیچ ڕیزێکیان ناگیرێت و ئازاد نین.**

**ئەگەر بەراوردی ئەو چەپانە لە گەڵ ئەندام لایەنگری حزبەکانی تردا بکەین، ئەوانەی دواییان زۆربەیان نەک تەنها نە خوێندەوارن، بەڵکو ئەوانەش خوێندەواریان هەەی، ئەمڕۆ بێ ئاگان و ئاستی ڕۆشنبیریان نزمە. لێرەدا من کارم نە بەسەرۆ هەیە نە بە کەسانی ترەوە، کە پێوەندیان بەم باسە نیە کە د. کەمال تێکەڵی کردوون، چونکە د کەمال جارێک باسی دەزگای سیخوری**

ئسرائیل دەکات، جارێک ئەمریکی و ئەمجارەش چەپەکان، تێکەڵ و پێکەڵ و وەکو چێشتی مجەور سەر و بنی سەد مەسەلە بەبێ سەرچاوە باس دەکات.

ئاخر کاک کەمال نازانێت زۆربەی چەپەکان ئاستی هوشیاریان بەرزە و ڕۆشنبیرن، دەست پاکن، بۆیە کە دەبنە پارتی یان حزبێکی تر، پلەی بەرزیان دەدرێتێ. ئێ خۆ دزیشیان تیا بێت، کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەن و چەم بێ چەقەڵ نابێت. لێرەشدا بۆ من و چەپەکانی تر سەیرنیە، کە لە لایەن کەسانی مێشک جەمەوە، کە هوشیاریان لە سێبەری سەرکردە دەروونیەکانی حزبەکانیان تێپەڕ ناکات. ئەوانە نەک تەنها بوونیان نیە، بەڵکو ئامێرێکن کە ژەنگیان گرت، هەمان سەرکردە پەراوێزیان دەکەن.

کاک کەمال لە بیری چوو کە نەک دەزگای سیخوڕی کەی جی بی، بەڵکو هی ئێراق و ئێران و ترکیاش لە سەرکردایەتی ئەو پارتی و بنەماڵانەی باشووری کوردستاندا چڕترین گەراو و مۆرانەیان داناوە. ئاخر روسیا یا ئەمریاک چی بکات کاک کەمال، ئەگەر بەناو سەرکردەکانی کورد لە باشوور، ناسنامەی کوردی دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی بنەماڵە و ئەو بەشەی کوردستانیان دابەشکردووە لە نێوان بنەماڵەکابیاندا، هەرکاتێکیش شکستیان هێنا، ئاش بەتاڵێکی نایابی بۆ دەکەن.

ئەم شێوازە د کەمال، نەک لە نرخی ووتارەکانی کەم دەکاتەوە، بەڵکو توانای ئەکادیمیشی دەخاتە گومان و پرسیارەوە، بۆیە دیسان دەیڵێمەوە، با د کەمال بە شتێکەوە خۆی خەریک بکات کە خوێندکاران سوودی لێ ببینن، نەک دیماگۆگیەتبازی و فریودان خەڵکی.
کەواتە، شکستی کورد، تاوانی چەپەکان نیە، بەڵکو نە بوونی سەرکردایەتیەک کە تاکتیک و ستراتیژیەتی زانستی لە پێناوی ناسنامەی نەتەوایەتیدا بێت، نەک کێشە گرنگەکانی کورد کە چارەنووسازن بکاتە سووتەمەنی بەرژەوەندی تایبەتی.

---

سەرچاوە
http://www.kurdistanpost.com/article.asp?id=3009